## ماڵی دۆلارم بە قوڕ گرت لە خاکی نیشتیمان گرانترە!!! ... دلێر محمود  سابیر

سەدام ناهەقی نەبوو نەی ئەهێشت دۆلار ڕووی ڕەشی خۆی لە نێو بازاڕەکانی کوردستان و عموومی عێراقدا پیشانی خەڵکی بدات، وە هەرکەسێکیش دۆلاری پێ شك ببرایە مەگەر بە قودرەتی خوا چاوی بە خۆی بکەوتایە، جا پیاوم ئەویست دۆلاری دەر خستایە.
سەیر ئەوەیە ئەم گیرفانە نالەبارە ئەبێ چەندە قووڵ بێ وا بە هیچ پڕ نابێ، هەرچەندی تێکەن هەر ئەڵێن: هل من مزید؟؟ بەم شێوەیە خاکی وەتەن و دەردە سەری ژیانی کۆمەڵگای کوردی و کێشەی ناو لاوان و هەژارانی بێ جێ و لانەی ئەم خەڵکە لە بیر چۆتەوە، ئەم لەعنەتیە پڕ لە سیحرو هەیبەتە، دەمی هەموو گەورە لێپرسراوانی بەستووە و بۆتە ژەمە خواردنی ڕۆژانەیان و تووشی ئیدمانی کردوون، کە ناکرێ کەم بکرێتەوە ئەو ژەمە یان بە یەکجاری ببڕێت، سەدام هەر زوو ئەیزانی ئەم نالەبارە سەریەشەی زۆری بە دواوەیە و خۆی یەکەم کەس بوو ڕێگەی گرت لە خەڵکی کە بەکاری نەهێنن و یاری بەو ئاگرە نەکەن، چونکە ئەیزانی ئەو کەسەی فێری بێت بۆی تەرك ناکرێ، ئەو خۆی ئەیزانی بۆچی بەکار دێنێ و چۆن میللەتی پێ سەرکووت ئەکا، ئەوە باسی خاك و نیشتیمان و میللەت و عیللەت و ئاوەدانی هەر مەکە کە زمانیان نەگرتووە و ناوێرن بڵێین ئەی ئێمەتان بەرەو کوێ برد هەی دڵسۆزانی ڕێگەی خەبات و چارەنووس؟؟ باشە دۆلار گرانترە یان دەنگی نەتەوەیەك؟ یان دەنگێك کە بۆ دابین کردنی دوا ڕۆژی خۆتان و کێشەکەتان کە لە دەستتان دا بۆ هەڵبژاردن؟؟ لە بیرتان چوو بۆ هەڵبژاردنی سەرەتای 2005 چۆن دەهۆڵ لێدان و زەماوەندێکتان ساز کرد تا ئەو جێیە بگرن کە نزیکی قاسەکەیە؟ لە بیرتانە چۆن ڕێگلامەتان بۆ ئەکرد و وەعدو بەڵێنتان وەك باران ئەباران بە سەر خەڵکدا؟ پەیمانتان دابوو خەڵك بێ کەم و کوڕی و ئاسوودە بێت، کوا؟ ڕۆژ نەبوو تاقم تاقم و گرووپ گرووپ چاو پێکەوتنیان لە گەڵ نەکرێ و چاوبەستیان لێ نەکرێ، ڕەنگە خەڵکی بۆ ئەم جارە بە تەواوی بیرو ڕاو بۆچوونی لە مەڕ هەڵبژاردنەوە زۆر فەرقی کردبێت و درکی بەوە کردبێ کە دەیان ساڵە درۆیان لە گەڵ ئەکرێ و هیچ شتێك نەگۆڕراوە و پێش نەکەوتووە، هەر بۆ دڵنیاییش ئەو گەندەڵییەی کە سەرو پۆتەڵاکی هەموو ئیدارەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و کەسێك دەر نەکراو نەدرایە دادگا و گیرفانیش هەر پڕ نەبوو، لێ پرسینەوە وجوودی بۆ دانەنراوە!! هەموو پشت ئەستوور بە هێزو توانا و ئیمکانیەت و خەڵکیش با سەری خۆی بگرێتە قووڕ بۆ بێ کەسی، ، ڕەنگە یەك نەگرتنەوەی دوو ئیدارەکە هۆیەك بێ بۆ بن بڕ کردنی چمکی دۆلار و ئەگەر قڕیشی نەکات تا ڕادەیەك کەمتری کاتەوە بۆیە هەوڵ ئەدرێ بە هەر بیانوویەك بێ کێشەی بۆ درووست بکەن تا مەجالەکە هەروا لە بارو فراوان بێت بۆ ژەنینە باخەڵ، ئەگینا ئەوان ئەگەر مەبەستیان بێ یەك بگرنەوە، ، کێ ئەو بەرپرس و بەرێوەبەرو فەرمانبەرانەی درووست کردووە هەر خۆشی ئەتوانێ لای ببات، ئەگەر مەبەست بێ، خۆ موڵکی بابی کەس نیە ئەم خاکە چەن کەسێك تەراتێنی لە سەر بکەن بە ئارەزووی خۆی و خەڵکیش هەر زەقەی چاوی بێ، با ئەم جارە هەڵبژاردن بکرێ، هەڵبەتە دەری ئەخا میللەت تا چ ڕادەیەك هوشیار بۆتەوە و ڕاستی و درۆیان بۆ ساغ ئەبێتەوە ئەوسا با نیشتیمان ساقە سەری ئێوە بێ مادام ئەوەندە دۆلار لە خاکی نیشتیمان گرانترە!!!!!